## راگەیاندنی ژمارە – 23 –

ژیانی دکتۆر کەمال لەبەردەم مەترسی یەکی گەورەدایەو دەبی ریگە بەو کارەساتە بگرین!
ئەمرۆ دکتۆر کەمال نامەیەکی ئاراستەی بیروورای گشتی کردوە کەتیدا ئاماژە بە قولترین مامەلەی نائینسانی دەستەلاتی پارتی دیموکراتی کوردستان دەکات کە چۆن پاش چوار مانگ لە زیندان بەسەربردن ناچاری دەکەن بەوەی کە بیر لە ریگەیەك بکاتەوە کە رەنگە بە نرخی گیان لەدەستدانی خۆی کۆتای پێ بیت.

چاکتروایە کە بۆ ئاشنا بوون بەو راستی یە پەیامی راستەخۆی خۆی لە زیندانەوە بخەینە بەردەست هەموو حزب و ریکخراو ناوەندە ئینسان دۆست و ئازادیخوازەکان، تا پاش خۆیندنەوەی نامەکە هەلویستیکی شایستەو لیبراوانە لەبەرامبەر بەو هەموو سوکایەتی پیکردنەی پارتی وناچارکردنی ئەم ئینسانە بە بیرکردنەوە لە ریگەیەك کە بەنرخی گیان لەدەستدانی خۆی تەواو دەبیت، وەربگرن. ئەمەش دەقی نامەکەیە:

- بۆ بیرورای گشتی و هەموو ئازادیخوازانی جیهان.
- بۆ رێکخراوە و کۆمەڵە مرۆڤدۆستە نێو دەوڵەتییەکانی هەموو دونیا.
- جەماوەری خەڵکانی بە شەرەفی دەرەوە و ناوەوەی وڵات.

(من دکتۆر کەمالی سەید قادر، ئەگەر تا سێ ڕۆژی دیکە ئازاد نەکرێم، داوا دەکەم لە هەمو: ڕۆژنامەنووسان، ئازادیخوازان، ڕۆشنبیران، کەسایەتییە ئەکادیمییەکان، قوتابییە خاوەن هەڵوێستەکانی زانکۆ، میدیاکانی ناوەوە و دەرەوەی وڵات، کە لە پاش سێ ڕۆژی دی تێکڕا وەرنە بەر دەرگای ئاسایشی گشتی هەولێر. من چیتر ئەو هەمو زوڵم و بێدادی و ناهەقیە قەبوڵ ناکەم، لە بەر ئەوەی من بە شێوەیەکی نایاسایی لەلایەن ئاسایشەوە رفێندراوم و ئێستاش هەر بە نایاسایی گیراوم. ئەوە زیاتر لە چوار مانگە دەستی دەستیم پێ دەکەن، جۆرەها موحارەبەی نەفسی کراوم، ئەوە زیاتر لە چوار مانگە نایاسایانە لە زیندان راگیراوم و هێشتا چارەنووسم یەکالا نەبووەتەوە.

بۆیە گەیشتوومەتە ئەو بڕیارەی کە لە پاش سێ ڕۆژی دی خۆم دەرگای ئاسایش بکەمەوە و بێمە دەرەوە، ئەوانیش یا ئازاد بن لەوەی من دەدەنە بەر دەستڕێژ، دەمکوژن، لە ناوم دەبەن، یان خۆیان بە هەر شێوەیەک دەیانەوێ کۆتایی بە ژیانم بهێنن، ئیتر با خۆیان لەو بڕیارەدا سەرپشک بن، چونکو لەوە زیاتر سەبر و تەحەمولم نەماوە، چیتر لەمە زیاتر ئەم سووکایەتی پێ کردن و بێ دادییە قەبووڵ ناکەم. مادام ئەوان هەر دەیانەوێ زوڵمم لێ بکەن، دەبا زوڵمەکەیان هەتا سەر ئێسقان و یەکجارەکی و بە کۆتایی هێنان بە ژیانم بێت).
ئەوەی کە خۆینتانەوە دواین ووشەو پەیامی تالی دکتۆر کەمالە کە ویژدانی هەر ئینسانیك دەهەژینیت. ئەوەی کە خۆیتانەوە بەرئەنجامی مامەلەیەکی تا سەر ئیسقان نا ئینسانی دەستەلاتی پارتی یە دژ بە ئینسانیك کە بە تاوانی نووسینی دوو ووتار بۆ ماوەی زیاتر لە چورا مانگە لە زیندانا هیشتوویانەتەوە. دەستەلاتی پارتی بێ سەروشوین کردنی

دکتۆرکەمالی بۆ ماوەی زیاتر لە هەفتەیەك بەهەر مەبەستیك ئەنجامدابیت، کاریکی لەو چەشنە نایاسای لەبەرامبەر بە یاساو ریساو بنەما پرانسیپی یەکانی جیهانی ئەمرۆ بەرپرسیار دەبیت. ئەگەر بەرەی ئازادیخوازان لەو قوناغەدا کاریکیان ئەنجامدا کە پیلانەکەی پارتی بۆ لەناوبردنی دکتۆر کەمال سەرنەگریت، ئەوا دواتر بە 30 سال زیندانی سپاردنی جاریکی تر بەرەی ئازادیخوازانی هاندا بۆ تیژکردنەوەی رەخنەو هەلویستیان دژ بەو کردەوە نائیسنانی و نایاسای یەی پارتی دەنگی نارەزایەتی سەرتاسەری جیهانی گرتەوە. هەر ئەمەش جاریکی تر پارتی ناچار کرد کە بریاری 30 سال زیندانی کردنەکەی هەلبوەشینیتەوە سەرکردایەتی ئەو حزبە دەستەلاتدارە چەندین جار بکەویتە بەلین دان و پاکانە کردن بۆ ئازادکردنی دکتۆر کەمال. بەلام هەقیقەت ئەوەیە کە هەموو ئەمانە تەنها گوشەیەك لە سیناریویەکی دزیوی ئەم حزبە دەستەلاتدارەیەو دکتور کەمال بەهۆی مالەی نائینسانی دەستەلاتی پارتی یەوە ناچار بووە هەلویستیك بگریت کە رەنگە بە گیان لەدەست دانی کۆتای بیت.

بۆیە ئیمە لیرەدا وەك کەمپەینی ئازادی بۆ دکتۆر کەمالی سەید قادر کۆمیتەی سەرپەرشتیار بانگەوازی هەموو حزب و ریکخراو نیهادیکی ئنیسان دۆست وئازادیخواز دەکەین کە بەزووترین کات بەتووندی نارەزایەتی خۆیان دژ بەو مامەلە نائینسانیەی دەستەلاتی پارتی دەبرن وخوازیاری ئازادی بی مەرج وبەندبن بۆ دکتۆر کەمال سەیدقادر!

جیگەی خۆیەتی کە هەر لیرەدا بانگەوازی خەلکی ئازادیخوازی کوردستان بکەین کە لەبەرامبەر بەم هەموو ستەم و ناعەدالەتی یەدا بی دەنگ نەبن وبەهەر شیشوەیەك کە بۆیان دەگونجیت نارەزایتی خۆیان دژ بە پارتی دەربرن و خوازیاری ئازادی بێمەرج و بەندبن بۆ دکتۆر کەمال سەید قادر!

کەمپەینی ئازادی بۆ دکتۆر کەمالی سەید قادر کۆمیتەی سەرپەرشتیار
2006 / 2 / 23